# هچ کێشەیەک نییە بۆ بینینی مانگ ئامێرە پێشکەوتوەکان بەکاربهێنرێت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ هل يصوم مع بلده أو مع أي بلد رأى الهلال؟ ﴾

« باللغة الكردية »

موقع الإسلام سؤال وجواب

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## ئایا لەگەڵ وڵاتەکەی خۆی ڕۆژوو بگرێت

## یان لەگەڵ هەر وڵاتیک کە مانگی تێدا بینرا ؟

**پرسیار :** ئەگەر هاتوو لەهەندێك وووڵاتانی ئیسلامیدا مانگ بینرا، بەڵام ئەو وڵاتەی ئێمەی تێیداین مانگی شەعبانیان پڕکرد وبەڕۆژوو نەبوون، ئێمە چی بکەین؟ وە ئایا هۆکاری ئەم جیاوازیە چیە لەنێو خەڵك لەهاتنی مانگی ڕەمەزاندا ؟

**وەڵام :** الحمدلله :

لەسەر جەنابت وا پێویستە کە لەگەڵ وڵاتەکەی خۆتدا بیت، ئەگەر وڵاتی خۆتان بەڕۆژوو بوون ئەوە تۆیش بەڕۆژووبە، خۆ ئەگەر بەڕۆژویش نەبوون ئەوا تۆێش بەڕۆژوو مەبە، ئەویش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت : " الصوم يوم تصومون ، والإفطار يوم تفطرون ، والأضحى يوم تضحون " واتە : ڕەمەزان ئەو ڕۆژەیە کە هەمووتان تێیدا بەڕۆژوو دەبن، وە جەژن و ڕۆژووشکاندیش ئەو ڕۆژەیە کە هەمووتان تێیدا ڕۆژوو دەشکێنن، وە جەژنی قوربانیش ئەو ڕۆژەیە کە هەمووتان قوربانیەکانتانی تێدا سەردەبڕن .

چونکە جیاوازی وخیلاف کارێکی خراپە، بۆیە واجبە لەگەڵ خەڵکی وولاتەکەی خۆتدا ڕۆژوو بگریت، جا هەرکاتێك ئەوان بەڕۆژوو بوون ئەوە تۆیش بەڕۆژووبە، وە هەرکاتێکیش شکاندیان وبەڕۆژوو نەبوون، ئەوە تۆیش بیشکێنە و بەڕۆژوو مەبە .

هۆکاری ئەم جیاوازیەش ئەوەی هەندێك مانگ دەبینن، وە هەندێکی تر مانگ نابینن، ئەمجا ئەوانەی کە مانگیان بینیوە خەڵکانێك متمانە بە شاهیدیەکەیان دەکەن وبەو بینینەی ئەوان کاردەکەن، وە هەندێکی کەسی تر متمانە بەو شاهیدیەی ئەوان ناکەن و لەگەڵیاندا بەڕۆژوو نابن، هەر لەبەر ئەمە ئەو جیاوازی وخیلافە دروست دەبێت، بۆ نمونە وولاتێك مانگی تێدا دەبینرێت ولەسەر ئەو بینینە خەڵکەکەی بەڕۆژوو دەبن یان دەیکەن بەجەژن، بەڵام وولاتێکی تر لەبەر چەند هۆکارێك جا سیاسی بێت یان هەر هۆکارێکی تر بێت قەناعەت و متمانەیان بە بینینی ئەو وولاتەی تر نییە .

بۆیە واجبە لەسەر موسڵمانان هەرکاتێك مانگیان بینی هەر هەموویان بەرۆژوو بن، وە هەرکاتێکیش لەکۆتای مانگەوە مانگیان بینیەوە بیکەن بەجەژن وبەڕۆژوو نەبن، چونکە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « إذا رأيتم الهلال فصوموا ، وإذا رأيتم الهلال فأفطروا ، فإن غم عليكم فأكملوا العدة ثلاثين »

واتە : ئەگەر مانگتان بینی ئەوا بەرۆژوو بن، وە ئەگەر لەکۆتاییشەوە مانگتان بینیەوە ئەوا بەڕۆژوو نەبن وبیکەن بەجەژن، خۆ ئەگەر بەهۆی هەور وهەلاو وتەم ومژەوە نەتانتوانی مانگ ببینن، ئەوا مانگی شەعبان سی ڕۆژی بۆ تەواو بکەن (واتە ڕۆژی دواتر بیکەن بەرەمەزان) .

جا ئەگەر هەموو لایەك دڵنیابوون لەسەر ڕاست ودروستی بینینی مانگ ودەرکەوت هەقیقەت بووە، ئەوە واجبە لەسەر ئەو بینینە بەڕۆژوو بن وهەر لەسەر ئەو بینینەیش لەکۆتاییەوە بیشکێن و بەرۆژوو نەبن، بەڵام ئەگەر هاتوو خەڵکی جیاوازییان تێکەوت وهەندێکیان متمانەیان نەبوو بەهەندێکی تریان ئەوە دەبێت لەگەڵ موسڵمانانی خەڵکی وولاتەکەی خۆتدا بەڕۆژوو بیت، وە هەر لەگەڵ ئەوانیشدا بیشکێنیت و جەژن بکەیت، ئەویش بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : « الصوم يوم تصومون ، والفطر يوم تفطرون ، والأضحى يوم تضحون » وە لە عبداللەی کوڕی عەباسیشەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) جێگیر بووە، کاتێك کەریب ناوێك هەواڵی پێدا کە ڕۆژی هەینی خەڵکی شام بەڕۆژوو بوون، لەوەڵامیدا ووتی : ئێمە ڕۆژی شەممە مانگمان بینیوە، هەر بەم شێوەیە بەڕۆژوو دەبین ئەگەر مانگ ببینین، یان سی ڕۆژەی شەعبان تەواو دەکەین، هەر بۆیە لەبەر دووری شاری مەدینە لەشام

وجیاوازی کات و شوێنی هەڵهاتنی مانگ لە نێوانیاندا، بەو بینینیەی خەڵکی شام کاری نەکردووە، وە وای بینیوە ئەم مەسئەلەیە جێگای ئیجتهاد وڕاجیاوازیە، جا بۆیە تۆ دەکرێت کار بەم ووتەیەی (ابن عباس) وئەو زانایانە بکەیت، کە ڕایان وایە لەگەڵ بینینی مانگ لەگەڵ خەڵکی وولاتەکەتدا بەڕۆژوو بیت ولەگەڵ ئەوانیش بیشکێنیت و بیکەیت بەجەژن، خوای گەورەش لەهەموونا زاناترە { فضیلة الشیخ عبد العزیز بن باز رحمه الله" مجموع فتاوی ومقالات متنوعة" (١٥/١٠٠- ١٠٢)}

خوای گەورە زانا وشارەزاترە